# نهێنی پشت لێدوانەکانی ئەردۆگان!

**(بەشی یەکەم)**

**نووسینی: ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی**

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لێدوانی جیاوازو دژ بەیەک دراون لەسەر ئەو قسەیەی سەرۆک وەزیرانی توركیا، ڕەجەب تەیب ئۆردۆگان، كە تیادا ووتویەتی: "دەكرێ هەنگاو بهاویشترێن بۆ گەشەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ حكومەتی كوردی لە باكووری ئێراق. ئەوەی گرنگە كە ئەو هەنگاوانە ئاشتی،ئاسوودەیی، هەروەها ڕێگا خۆش بكا بۆ ئاڵوگۆڕە پۆزەتیڤەكان". یەک دوو ڕۆژ دوای ئەوە سەرۆكی گشتی سووپای توركیاش، یاشار بویوكانیت، پاش ئەوەی یەكیێتیو پارتی بە یارمەتیدانی PKK تاوانبارکردووە، ووتویەتی، "من لەگەڵیان (واتە حكومەتی كوردستان) گفتوگۆناكەم، هەركەسێكیش دەیكات ئازادە". هەر دوێنێش، وەک لە ڕۆژنامەی حورییەتی توركیدا هاتووە، وەزیری دەرەوەی توركیا عەبدوڵڵا گوڵ ووتویەتی كە "لە ئەنكەرە هیچ جیاوازی یان كێشەیەک لە نێوانمان لە سەر سیاسەتی باكووری ئێراق بوونی نییە"، وە هەروەها گوڵ لە درێژەی قسەكانی ڕایگەیاندووە كە ئەوانەی دەیانەوێ پلمیكێک لە قسەكانی سەرۆک وەزیرانو سەرۆكی سووپای توركیا ساز بكەن زۆر بە هەڵەدا چوون.

لە نیگای یەكەم وادەردەكەوێ كە لە لێدوانەكانی ئەم دواییەی ئۆردۆگان جۆرێک لە ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتی توركیا بە ئاراستەی حكومەتی كوردستانو كێشەی كورد لە باكووردا هەیە، بەس دەبێ وابێ!!؟. ئەردۆگان ئەوە جاری یەكەمی نییە كە لێدوانی لەم جۆرە دەدات، چونكە پێشتریش ڕۆژێكیان ووتبووی كە كێشەیەک بەناوی كێشەی كورد لە توركیادا هەیە، بەڵام ماوەیەک دوایی لە لێدوانەكەی پاشگەزبووەو ڕایگەیاندبوو كە تەنها تیرۆر كێشەی توركیایەو بوونی كێشەیەكیش بە ناوی كێشەی كوردی لە توركیا ڕەتكردبووەوە. بۆیە پێموایە دوایین لێدوانیشی دەربڕی گۆڕانێک لە هەڵوێستی حكومەتو پارتی APK بەرامبەر بە كێشەی كورد نییە. بەس پرسیار ئەوەیە ئایا ئەگەر لێدوانەكان شتێكی نوێ نین، ئاخۆ چی وایكردووە ئەمڕۆ جۆرێک لە جیاوازی لە تێڕوانین، هەرچەند بچوكیش بێت، لە نێو سیاسەتمەدارانی توركیا لە بەرامبەر حكومەتی كوردستان دەبینرێ؟ دەبێ نهێنی پشت ئەم هەموو لێدوانانە چی بێت؟. سەرەتا حەزدەكەم بڵێم كە سەركردایەتی سیاسی كوردستان هەڵوێستێكی دروستو لە جێی خۆی نواند بە پێشوازیكردن لە لێدوانەكانی ئەم دواییەی

ئۆردۆگان، وەلی لە هەمان کاتدا دەبێ بە ووردی ئاگاداری نیەتەکانی تورکیاش بین. بەهەرحاڵ، من هەوڵدەدەم لێرەدا بە کورتی ئەو هۆکارە ناوەکیو دەرەکیانەی کە ئەمڕۆ لە پشت لێدوانەکان خۆیان حەشارداوە، ڕۆشن بکەمەوە.

## هۆکارە دەرەکییەکان

**یەکەم**: لە سەردەمی "شەری سارد"دا تورکیا هاوپەیمانێکی ستراتیژی گرنگی ئەمریکاو ڕۆژئاوا بوو لە دژی یەکیێتی سۆڤیەت. پاش ڕووخانی بلۆکی سۆشیالیستی تا ڕادەیەکی زۆر جێگەوڕێگەی ستراتیژی تورکیا بۆ ڕۆژئاوا کەوتە لێژی، بەڵام بە سەرهەڵدانی مەسەلەی تیرۆریزمی جیهانی تورکیا دیسان وەک وڵاتێک، کە زۆربەی دانیشتوانی موسڵمانن‌و خاوەنی ئایدۆلۆژیای کەمالیستیشە، دەیتوانی دەورێکی گرنگ بۆ ڕۆژئاواو ئەمریکا بگێڕێ لە پێشگرتن لە گەشەی بزووتنەوە ئیسلامییەکان، بەس ئەمڕۆ بە باڵادەستی ئیسلامییەکان لە تورکیا ئەم جێگەوڕێگەیەشی زۆر بێهێزبووە. لەم پەیوەندەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە دەنگدانە مێژوویەکەی ئازاری 2003 ی پەرلەمانی تورکیا لە دژی هاوکاری سەربازی ئەمریکا لە شەڕی ئێراق بکەین، کە کاریگەری زۆر خراپی لەسەر پەیوەندی ستراتیژی ئەمریکاو تورکیا دانا، تا بزانین بوونی ئیسلامییەکان لە دەسەڵات چەندە کاریگەری سیاسەتی دەرەوەی تورکیای ئیفلیج کردووە. پێشناچێ لە کورت ماوەدا، بە بەهێزبوونی ڕۆژ بە ڕۆژی شەپۆلی دژی ئەمریکایی لە نێو جەماوەری تورکیادا، بتوانرێ چاوەڕێی بنیاتناوەی پەیوەندیەکی بێ تەنگژەی دولایەنەی نێوان ئەمریکاو تورکیا بکرێت.

**دووەم**: ڕاستە تورکیا دەوڵەتێکی گرنگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەس ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەتوانێ بە ئاسانی بەسەر دەسەڵاتی حکومەتی باشووری کوردستان بازبدا. بۆچی؟ چونکە لەلایەک ئەمڕۆ کورد لە باشوور یاریکەرێکی لێزان‌و خاوەن نفوزی ناوخۆیی‌و جیهانی‌و جێگەوڕێگەی بەهێزیشی لە ستراتیژی سەربازی‌و سیاسی ئەمریکا لە پرۆسەی بنیاتناوەی ئێراق گرتووە، وە لە لایەکی‌تر ڕووداوەکانی 11 سێپتێمبەرو ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی عەرەبی لە ئێراق هاوسەنگی هێزەکان‌و جوگرافیای کۆمەڵایەتی‌و تایفی‌و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وا گۆڕیوە کە ناوچەکەی خستۆتە بەردەم دووڕیانێکی چارەنووسسازەوە، بەجۆرێک ئەمڕۆ خەریکە قوتبی ناوچەیی بە ئەجنداو ستراتیژی جیاوازو دژ بەیەک شکلدەگرن، کە ئەمەش مانۆری دەوڵەتی تورکیای، بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەتی ناوچەیەیی دژ بە کورد، زۆر بەرتەسک کردۆتەوە. هەربۆیە دەبینین تورکیا سەری سوڕماوە لەوەی چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێراقدا بکات، بە جۆرێک، نازانێ بەردەوام بێت لە سەر سیاسەتی چەند ساڵی ڕابردووی لە پەیوەند بە ئێراق، کە هەمیشە تەئکید کردنەوە بووە لەسەر دژایەتی حکومەتی کوردستان‌و پرنسیپی فیدراڵی لە ئێراق، یان ووردە ووردە خۆی بگونجێنێ لەگەڵ بوونی دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان؟

**سێیەم**: هەلوێستی یەکگرتوو و توندو ڕۆشنو دروستی سەرکردایەتی کوردستان لە دژی مەسەلەی بەشداری سووپای تورک لە پرۆسەی سیاسی ئێراقو دەستێوەردان لە مەسەلەی کەرکووک، لە لایەکو وەرگرتنی هەڵوێستی دۆستانەو بانگەوازی بەردەوامی تورکیا لە لایەن حکومەتی کوردستانو سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ پەیوەندی سیاسیو ئابووری دوولایەنە لەسەر بنەمای ڕیزگرتنی سەروەری یەکتر لە لایەکیتر، فاکتۆری یەکجار گرنگ بوونو دەبن لە چاوترسێنکردنی توندڕەوەکان و ڕاکێشانی هەستی سیاسەتمەدارە میانڕەوەکانی نێو دەسەڵاتی تورکیا.

- ماویەتی -

20 فێبریوەری 2007